# مەسیحی بوونی سەلاحەدینی ئەیوبی

( ٢-٣ )



فەلەکەدین کاکەیی

ئەم بابەتە وەکو دواجار بۆتان دەردەکەوێ، کە پەیوەندیی بەناسنامەی ئێستای کوردەوە هەیە، نەک ئاماژەیەکی سادەی مێژوویبە. هەندێ کەسایەتی مەزن لەمێژوودا دەکرێ بە ئەفسانە، چ لەبەرئەوەی زیاد چاک و جوامێرو دروستکاربووە، یا زۆر جەنگ فرۆش و خوێنرێژو وێرانکەر بووە، لێ کەم هەیە، بەڵکو ئێجگار دەگمەنە ئەو کەسەی لە لایەنی نەیارو دوژمنانییەوە، ئەوانەی جەنگی کردوون و تێکیشکاندوون، بەجوامێری و بلیمەت و لێبوردەو نەجیب، ناو ببرێت و ئەفسانەی بۆ دابهێنن.

سەلاحەدینی ئەیوبی ئەو کەسە نا ئاسایی و دەگمەنەیە، کە ئەوەندەی مەسیحییەکانی ئەوروپای هەشت سەدە پێش (... و تا ئێستا) داستانی واقیعی و ئەفساناوییان لەمەڕ ژیری و لێهاتوویی و ئازایەتی ئەویان گێڕاوەتەوە، نە کورد نە عەرەب نە تورک و هیچ میللەتێکی دیکەی موسڵمان ئەوەندە ڕێزیان لەکەسایەتیی و مێژووی ئەو نەناوە. وەکو گوتمان: کریستانەکانی ئەوروپا (مەسیحییەکان) کە هاتبوونە جەنگی ڕۆژهەڵات، لە ئاستی جوامێری و لێبوردەیی سەلاحەدین سەرسام و گەشگەداربوون و نەیانتوانی تەفسیرێکی بۆ کەسایەتی و بیروباوەڕی بدۆزنەوە، ئەوە نەبێ کە ئەو دەبێ مەسیحی بوو بێ! چونکە بەلای ئەو مەسیحییانەوە، لە هیچ سەرکردەو پێشەواو پاشایەکی دیکەی موسڵمان، ٠( چ عەرەب یا تورک یا ئێرانی) ئازایەتی و جوامێری سەلاحەدینیان بەدی نەکردبوو. نەیانوویستووە سیماو خەسڵەتە بەرزەکانی سەلاحەدین بدەنە پاڵی موسڵمانبوونی، هەر بۆیەش ئەویان بە مەسیحی ناسیوەو تەنانەت بە(مەسیحی ئیفتخاری) ناویان بردەووە ئەوان نەیاندەتوانی ئەوە ببینن کە سەلاحەدین موسڵمانێکی کوردە، یا کوردێکی موسڵمانەو، گەوهەری کاراکتەری (پێکهاتەی کەسایەتیی ئەو) ... بۆ کەسایەتی مرۆڤی کورد دەگەڕێتەوە،

کە لە بناغەوە کولتوورێکی دەوڵەمەندی زەردەشتییە هەروەکو چۆن، سەرەڕای موسڵمان بوونی عەرەب و تورک و فارس و ئەفغانی و بەربەر و میللەتی دیکە، لە هەمان کاتدا هەر یەکێک لەو میللەتانە زمان و کلتوور و کەسایەتیی میللی خۆیان پاراستووە، هەر یەکیان شێوەی نەتەوەیی خۆی بە ئیسلام و موسڵمانێتی داوە. واتە: جیا لە مەزهەبە ناسراوەکانی ئایینی ئیسلام، دەتوانین بڵێین کە هەر میللەتێک ڕەنگی خۆی بە ئیسلام داوە. ئەوە ڕاستییەکی واقیعیی لەبەرچاوە. دیارە میللەتی کوردیش ڕەنگی خۆی لە ئیسلامدا نواندووە، واتە: بەشێوەیەکی بەرجەستە، جۆرێک لە ڕێبازی کوردی لە ئیسلامدا دەبینین، هیچ نەبێ ئەگەر فرە تەریقەت و ڕێبازی سۆفیگەری و دەیان مەکتەبی خواپەرستی لەکوردستان ببینین و دەیان زانای گەورەی شێخ و پیرو پیاو چاکی ناوداری کورد کە خاوەن ڕێبازی جیاجیان، لەچوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا، جگە لە چەندین ئول و ئایینی دێرینی کوردو ئایینی ئاسمانی مەسیحی و یەهودی و مەندایی لە کوردستانا، لەبەرچاو بگرین... ئەوا دەزانین کە کورد موسلمان بووە، و شێوەی میللی خۆی لە موسڵمانێتیدا هەبووە، لە بناغەیشەوە لەگەڵ موسڵمانانی جیهان یەکبووە.

لێبوردەیی ئایینی و کلتووری بەدرێژایی مێژووی کوردستان پێچەوانەی موسڵمانبوونی نەبووە، بەڵکو تەواوکەییەتی، ئەمما کەسایەتیی کوردبوونی خۆی پاراستووە.

کەسایەتی کورد بەر لە ٢-٣ هەزار ساڵ، کەوتە ژێر کاریگەری پەروەردەو جیهانبینینی ئایینی زەردەشتی و میترایی و کلتووره کۆنترەکانی کوردستان، کە تا بە ئەمڕۆ ئەو کاریگەرییە ماوە کەواتە زەردەشتی بوونی ڕەنگی کلتوری کاراکتەری ئێستای کورد، کە ڕاستییەکەو دیارە، پێچەوانەی موسڵمانی بوونی نەبووەو نییە.

کورد ئەمڕۆ، بەئایین و ڕێورەسم زەردەشتی نییە بەڵکو موسڵمانە، ئەمما کلتووری زەردەشتی بەناخی دەروون و ویژدان و هزری زۆرینەی کوردا ڕۆچووە.

هەروەکو عەرەب بەکلتووری جاهیلیەتی بەر لە ئیسلامیش دەنازن، یا ئێرانی و تورک و هەر میللەتیکی دیکەی موسڵمان شانازی بە ڕابردووی کلتووری خۆیانەوە دەکەن، کوردیش ئاوهایە.

بنۆڕنە میللەتانی ئەوروپا، سەرەڕای پێشکەوتنی زانست و شارستانی، هێشتا هەر یەکەیان خۆیان سەربەرز دەزانن بە زمان و کلتوورو ئەفسانەکانی خۆیان، هەرچەندە هەموو ئێستا لەئاییندا، مەسیحین واتە: ئایین، ڕیشەو کلتووری نەتەوەیی ناسڕێتەوەو هەڵناوەشێتەوە، هەرچەندە ئەم کلتووره کۆن و سەرەتایی و ئەفساناویش بن. مەسیحیەکانی بەرازیل و مەکسیک ببینن کە ساڵانە ڕێورەسمی کۆنترین جەژن وبۆنەی خۆیان دەکەنەوەو کەرنەڤاڵی بۆ ڕێکدەخەن، هەروەها هیندو چین و ژاپۆن و ئێران و وڵاتانی دیکەی دنیا.

بەڕێز موراد جوان، ڕوناکبیری کوردی باکوور، دانیشتووی سوید، بیروبۆچوونی تایبەتمەندی هەیە لەمەڕ سەلاحەدین، بڕیار بوو پێکەوە لەمیدیاکان باسی بکەین ، ئەو دەڵێ کە:

یەکەم - کورد خاوەن ڕێبازی خۆیەتی لەئیسلامەتیدا، لەگەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو پێکهاتووە.

دووەم - دەوڵەتی سەلاحەدین ئەیووبی دەوڵەتێکی کوردە، بەڵکو بناغەو سەرەتای هزرو خواستی نەتەوەیی کوردە، تا بە بارزانی دەگات، بەڕێز ئەلتوهامی ئەلعەبدەلی، بیرمەندێکی گەورەی تونسی، مامۆستای زانکۆیە لە ڕۆما، کتێبێکی گرنگی داناوە دەنووسێت کە میللەتی کوردیش بەدرێژایی چواردە سەدەی ئیسلامەتیدا، کەسایەتی و سەربەخۆیی کلتووری نەتەوەیی خۆی پاراستووە.



أسماء الألوان / دوا سترنج / الصفحة: ٨٠ / ٢٥/٢/٠٨ / 12:09 AM